# نیگار نادر:

# ئەو دیدە عەقڵانییە مێینەیەی دەیەوێت تێزێکی عەقڵانی بەبیری ئافرەتی کورد بدات

**ئامادەکردنی: هێلین کەمال**



خوێندنەوەی شتەکان بەدیدێکی عەقڵانی لای تاکی ئافرەت، ئەو پرسە بووە کە بەدرێژایی قۆناغەکانی گەشەسەندنی بیر مایەی سەرنج و تێڕامان بووە. ئەو بۆشایییە گەورەیەش بوو، کە زەمینەی جڵەوگیری جیهانبینی لەژێر سایەی سیستمی پیاوسالاری پەرە پێ دا و تاکی ئافرەتی خستە دۆخی سڕبوونەوە... بۆیە لەم قۆناغەدا ئەوەی گرنگە خستنەگەڕی بیری خودی تاکی ئافرەتە لە دەروازەی دیدێکی عەقڵانی بۆ شتەکان... بەتایبەت لە قوڵبوونەوە بەوجوودیەتی خودی خۆی و پرسەکەی... تەنیا شتێکیش کە تاکی ئافرەت لە دۆخێکی سڕبوو دەربهێنێت وا دەبینرێت لە بەکارخستنی عەقڵی مێیینە بێت.

ئەو بۆشایییە گەورەیەی کە لە پرسی ئافرەتدایە لەو ئاکامەوەیە، کە ئێمە تا هەنوکە بیریادێکی مەزنمان لە خودی خۆمان دروست نەکردووە. بۆیە ناتوانین لە خۆمان و کێشەکانی بدوێین و جیهانبینی بۆ شتەکان بکەین.

مەینەتی ئافرەتی کوردیش لەمەدایە کە نەتوانین پەنجە لەسەر بوونی خۆی بەعەقڵییەت و بیری خۆی دابگرێت. زۆر کەمن ئەو ئافرەتانەی کە دەیانەوێت عەقڵی خۆیان تاقی بکەنەوە و دوور لە عەقڵەکانی تر...

نیگار نادر ئەو دیدە عەقڵانییە مێیینەیە کە دەیەوێت تێزێکی عەقڵانی بەبیری ئافرەتی کورد بدات. هەر کەسێک بەرهەم و نووسینەکانی بخوێنێتەوە تێ دەگات، کە ئافرەتی کوردیش گەیشتۆتە ئەو هەستە بەرزەی کە پێویستی بەبەکارهێنانی عەقڵێکە لە سەروو عەقڵی خێڵ و کۆمەڵ و کۆمەڵگا و پیاو کە ئەویش عەقڵ و بیری خۆیەتی...

لەم ژمارەیەی شاووشکادا هەوڵ دەدەین بەم پرسە لە دیدگای ڕاوبۆچوونەکانی نیگار نادری شاعیر و نووسەر بگەین.

*** شیعر زۆر جار بەوە لێک دەدرێتەوە، ئیلهام بێت، هەندێک جاریش ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیان... لای تۆ شیعر ئیلهامە یا ڕەنگدانەوەی واقیع؟**

– شیعر جوانترین دونیای شاعیرە لەبۆ نووسینی هەر شیعرێک دەبێ ئیلهام هەبێت... دەگەڵ ڕەنگدانەوەی واقیعە کۆمەڵایەتی، سیاسییەکان ئەگەر شیعرێک بەبێ ئیلهام بنووسرێت حەقیقەت و جوانی لە دەست دەدا هیچ چێژی نابێ... هاتنی ئیلهام تەنێکی دەگمەنە من بۆ خۆم ئەو دەمانەی لە حاڵەتی ئیلهامێک دام حەز دەکەم زۆر بیربکەمەوە و هەر لەو کاتەشدا بڕیاری گەورە بدەم لەبۆیە نەک هەر شیعر زۆر شتی تر هەن لە دەوروبەرمان کە بەبێ ئیلهام دەست لێدانیان ناڕێکە... شیعری بێ ئیلهام وەکو ئەو منداڵە وایە پێش وادەی لەدایکبوونی لەبار بچێ، زۆر جاران ئیلهامی شیعرێک نووسینێک ساڵێک پتر دەگەڵت دێ و دەچێ و دەژی... جاری دیکەش هەیە زۆر بەکتوپڕی ئیلهام دێت و دەبتە

شیعر... ئەوانەی بەبێ ئیلهام دەست دەدەنە شیعر وتارێک بۆ ڕۆژنامەیەک بنووسن باشترە... یان نامەیەکی دڵداری...

*** لە زۆر باردا شیعر وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بەمەبەست و ئامانجێک... ئەوەی لە شیعرەکانی تۆدا دەخوێنرێتەوە ئازادیخوازییە بۆ ڕەگەزێک، کە مێیینەیە... لە پشت ئەو مەبەستە سەرەکییەوە چ هۆکارێک هەیە؟**

– بەڵێ من کە مرۆڤم... ئافرەتم... ئەوجار شاعیرم دەبێ یەکەم کار و مەبەستم ئازادیخوازی بێت پاشان لەبۆ ئازادیخوازی کۆمەڵگە و پیاو، چونکە هەر کۆمەڵگەیەک ئافرەتی ئازاد و ئازای تێدا نەبێت ناتوانێ پێش بکەوێ، هیچ هەنگاوێکی مەدەنی بهاوێت... بۆیە ئێمە دەبێ خێرا وەخۆ بکەوین بۆ ئەوەی ئافرەتان وریا بکەینەوە... دیارە دەنێو ئافرەتی کورددا زۆر ئافرەتی ئازاد و ئازا هەبووە و هەیە کە من شانازییان پێوە دەکەم بەڵام دەبێت هەوڵ بدەین ئەوانە بێنینە پێشەوە و سوود لە هێزیان وەربگرین...

من مەبەستی سەرەکیم وەگۆڕخستنی ئەو ئافرەتانەیە... وە دیارخستنی ڕووی ئافرەتە لە کۆمەڵگەی کوردیدا... چونکە ئەگەر ئێستێ لە دوورەوە لە کۆمەڵگەی کودی بنۆڕی هیچ ڕووی ئافرەتی پێوە دیار نییە بۆ!... من ئەوەندەی پێم دەکرێ کار لەبۆ ڕاچڵەکاندنی ئەو هێزە گەورەیە دەکەم چونکە بەبێ بوونی گەورەیی و ناسکی ئافرەت نەژیان دەبێ نەشیعر دەبێ ئەسڵەن بوونیش نابێ.

*** لەناو شاعیرانی ئافرەتی کورددا شتەکان سیفەتی ڕەمزییان وەرگرتووە... بەتایبەت ئەو چەمکەی پەیوەندی بەبەکارهێنانی جەستەوەیە... بەڕای تۆ ئەمە بەزاندنی ئەو سنوورە نییە، کە لە بنەماوە لە شیعری کوردیدا لای شاعیرانی پیاو باڵادەستە... مەبەستی کۆکردنەوەی ئافرەت لە جەستەدا؟**

– پێویست بەباسکردنی هیچ شتێک ناکات بەڕەمز... ئێمە ئەو قۆناغەمان بەجێ هێشتووە... ئێستا لە قۆناغێکی تر داین کە هیچ شتێک قابیلی ئەوە نەماوە بەڕەمز و لەژێر پەردەکاندا باسی لێ بکەین... ئەو ئازادییەی ئافرەت وەتەنها ئازادکردنی جەستە نییە... ئازادی تر هەن دەکەونە پێشی هەموو ئازادبوونێکەوە یەکەم قۆناغ بۆ ئێستای ئافرەتی کورد قۆناغی ئازادکردنی مێشکی ئافرەتی کوردە... ئێمە جەستەیەکی ڕووت و مێشکێکی داگیرکراومان بۆ چییە! ئەگەر نەتوانێ داهێنانێک بکا... ئەو سەرژمێرییەم ناوێ داخوا چەند ئافرەت جلکی ئازاد دەپۆشێ چەند ئافرەت لە دامودەزگایەکاندا کار دەکا و چەند ئافرەت بڕوانامەی بەرزی هەیە!! ئەو سەرژمێرییەمان دەوێت ئافرەت چ کارێک دەکا... چۆن کار دەکا... بەرهەمی چییە... چۆن جێی دەستی بەڕووی کۆمەڵگەی کوردییەوە دیارە... با تەواوی ژنانی وڵات بەجەستە ئازاد بن، لە گەورەترین دامودەزگاکانیشدا بەرپرس بن بەڵام کاتێک شاندێک دێتە ئێرە... چ ڕوویەکی ئافرەتی کورد دەبینێت!!

**ئێستێ ئێمە نەک هەر دەبێ کار لەبۆ ئەوە بکەین مێشکی ئافرەت ئازاد بکەین دەبێ دەگەڵ ئەوەشدا مێشکی پیاویش ئازاد بکەین**

ئایا چەند ئافرەت دەبینێت لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و فکری و کۆمەڵایەتی چەند ئافرەت هەنە لە جێی خۆیدا هەڵوێست و جێگەیان دیاربێت و قسەیان وەربگیرێت...

*** ئایا تۆ دەتەوێت بەزمانی شیعر ئەوە بڵێیت ئافرەت تەنیا جەستە نییە... ئەگەر نا هەمان ئەوێنە شیعرییەیە کە لای شاعیرانی پیاو بوونی هەیە؟**

– مەبەست لە شاعیرانی پیاو دەبێ زۆربەی شاعیران هەتا ئێستا کە شیعر دەنووسن و باس لە ئازادیخوازی ئافرەت و پیاو دەکەن تەنها باس لە ئازادکردنی جەستەی دەکەن چش بخوێننەوە وەها تەفسیری دەکەن... لەوانەیە زۆرجار وەهاش نەڵێن بەڵام هەر بەرەو ئەو خاڵە دەگەڕێنەوە!

بەڵێ ئیستێ ئێمە نەک هەر دەبێ کار لەبۆ ئەوە بکەین مێشکی ئافرەت ئازاد بکەین دەبێ دەگەڵ ئەوەشدا مێشکی پیاویش ئازاد بکەین بەڵام لەلای من گرنگ ئازادکردنی زهنی ئافرەتە لەوێڕا بناغەی ئافرەتێکی پتەو دادەنێن کە ڕووبەڕووی کەلتوور و شارستانییەتی نوێش ببێتەوە هەنگاوی دەگەڵ هەڵبنێ تەفاعولێک دەنێوان مێژووی خۆی و قۆناغە نوێیەکاندا بکات.

*** وای دەبینم کێشەی سەرەکی ئافرەتی نووسەری کورد ئەوە بێت کە نەیتوانیبێت لە خۆی بدوێت وەک تاکێکی سەربەخۆ... تۆ چۆن گوزارشت لەم لێکدانەوەیە**

دەکەیت؟

– ئافرەتی نووسەر لە کۆمەڵی ئێمەدا بەداخەوە بەئاقاری لەخۆدوان و داهێناندا تێپەڕیوون... زیاتر لە پیاوان دواون... لەو وێنانە دواون کە پیاوان بۆیان کردوون... لەو تابلۆیانە دەدوێن کە ڕەنگەکانی هی پیاوانن... ئەتۆ وەختێک ئافرەت بێت لەخۆ بدوێی باجی زۆر خەباتی زۆری دەوێت، بەرەنگاری گەورەی دەوێت... چونکە تەنها بە لەخۆدوانت کۆمەڵێک ڕووبەڕووت دەبێتەوە جا ئەگەر بتەوێ داهێنان بکەی ئەوا باجی گەلێک گەورەی دەوێت... ئافرەتی ئێمە چ نووسەر بێت چ پرۆفیسۆر بێت یان خاوەن چ بڕوانامە و جێگایەکی گەورەی بێت... باگراوندێکی لە ترس و چەوسانەوە پێیە! بۆیە تەنها لە سنوورێکی تایبەتدا ئەو سنوورەی لە بۆی خەت کێشراوە کار دەکا و بیر دەکاتەوە... ئێمە ناتوانین بیر بکەینەوە لە بیرکردنەوەش دەترسین... تۆ کە نەوێری بیربکەیتەوە ئەی چۆن لە خۆت دەدوێیت... مەسەلەی دەستپێشخەری ناتوانم شتێک بڵێم... ئەوانە مێژوو دەیانسەلمێنێ.

من ئەوەی دەمەوێت کاری لەبۆ بکەم... دەمەوێت داهێنانی تێدا بکەم دەگەڵ ڕەچاوی دەوروبەر و بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو هەرێمەی کە لێی دەژیم... دەنا من چاوەڕێم لە ئافرەتان ئەوەیە تەنها بەپێشکەوتن و ئازایەتی خۆیان تەواوی ئەو ڕاپۆرتنووس و... مێرمنداڵ و نەزانانەی تەنها جاڕی پاراستنی دەدەن بەبیانووی عەشق و خۆشەویستی و پارێزگاری کردنی... ئەوانە هەر بەکوێری بێڵێتەوە ڕۆژێک نەهێڵێ ئەوانە ببنە خاوەنی دوو چاو و دونیای پێ ببینن... ئەو ڕاپۆرتنووسانەی بەنێوی داکۆکی لە مافی ئافرەت و جوان ڕاگرتنی ئافرەت و مافی ئافرەت... کردۆتە دروشمێک پارەی پێ وەردەگرن و خۆیانی پێ بەڕێوە دەبەن...

**ئەو ڕاپۆرتنووسانەی بەنێوی داکۆکی لە مافی ئافرەت و جوان ڕاگرتنی ئافرەت و مافی ئافرەت... کردۆتە دروشمێک پارەی پێ وەردەگرن و خۆیانی پێ بەڕێوە دەبەن...**

*** دەستپێشخەرییەک لە بەرهەمەکانتان لەم لایەنەوە خۆی دەردەکات... بەڵام ئەم دەستپێشخەرییە وا هەست دەکرێت بەرەو کشانەوە بچێت... ئەم کشانەوەیە لەو هەستەوە نییە کە شیعر دەکاتە مەجازێکی ڕووت؟**

– لەبارەی کشانەوەی من نازانم دروست مەبەستان چییە کشانەوە لە چ؟ لە هەڵوێست یا لە نووسین! من



لە مردنیشدا ناکشێمەوە لە هیچ و لە کەسانی ترسنۆک و نەخۆشیش ناترسم... کە لەژێر پەردە ڕەشەکاندا لە زەلیلی و نوقسانی و دۆڕانی خۆیان... ژەهری ڕەش دەڕێژن بەسەر جوانی و داهێناندا من لەو دونیایەدا هیچ مرۆڤێک نییە لێی بترسێم و هیچ لایەنێکیش نییە بەهەبووی بزانم هەتا بڕیاری کشانەوە بدەم... تەنها بەداهێنانی نوێ وەلامی، مێرمنداڵ و هەرزە و دۆڕاوەکان دەدەمەوە ئەوەی منیش بناسێ باش دەزانێ من لە چ ناترسم و بەمردنیش لە ئازایەتی ناکشێمەوە... چونکە ئەگەر ترسنۆک بیت هەر زوو بۆ خۆت بمری. نەناوی ئافرەت و نەناوی پیاویش بەدناو نەکەی!

چونکە نموونەمان زۆرن لەو ترسنۆکانەی شۆڕش و سیاسەت و نیشتمان و ژن و پیاو بەدناو دەکەن من هەتا هەبم خزمەتی خانە بەخانەی ڕۆحی ئافرەتێکی کورد دەکەم هەتا ئازادبوونی ببینم... هەموو ژیانیشم تەنها لەبۆ ئەوە تەرخان دەکەم چونکە بەبڕوای من کە کارێکت دەست پێ کرد بەبڕواوە هەرگیز ناتوانی لێی بکشێیەوە!!

*** مەسەلەی ئازادی شتێکە کە ناکرێت نووسەر، شاعیر لێی جودا بێتەوە... ئەو ئازادییەی کە تۆ دەتەوێت لە شیعردا مومارەسەی بکرێت ئەو ئازادییەیە کە دەتەوێت لە ڕێی شیعرەکانتەوە ئافرەت مومارەسەی بکات؟**

– مەسەلەی ئازادی گەلێک قووڵ و بەرفراوانترە... لەوەی بیخەیتە قاڵبی شیعرەوە یان یاساوە دەبێت گۆڕینی هەر یاسایەک دەگەڵ کۆمەڵێک گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکرێ هەنگاو بەهەنگاو... ئەگەر کۆمەڵگەیەک نەزانێت ئازادی چییە با چەندەها یاسایی پێشکەوتووی هەبێ! مومارەسەی ئازادی گرنگە نەوەکو دروشمی ئازادی... بۆ نموونە ئەگەر سەرنج بدەینە کۆمەڵگەی ئێرانی... ئافرەتی ئێرانی هێزە، ئازایانە و ئازادانە کۆمەڵگەی بەڕێوە دەبەن هەر کەسێک بۆ یەکەم جار سەردانی ئەو وڵاتە بکا یەکەم شت جێ پەنجە و ڕووی ئافرەتی ئێرانی دەبینی بەکۆمەڵگەوە... بەڕای من کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا لە قۆناغێکدایە «کۆمەڵگەیەکی گاڕانییە» هەموو دەبێ بەیەک ڕێدا بڕۆن هەموو دەبێ داوای یەک شت بکەن هەموو دەبێ وەک یەک بیربکەنەوە جا ئەو کۆمەڵگە گاڕانییە ڕۆشەنبیرییەکەشی هەر «ڕۆشەنبیرییەکی گاڕانییە» بۆیە ئافرەت هەتا ئێستێ چی هەوڵی داوە هەر لەو نێوەندەوە، لەو سنوورەوە خولاوەتەوە بۆیە دەڵێم کاری زۆرمان لە پێش ماون. تۆ ئەگەر ئازاد بووی نەیاسا و نەسیاسەت و نەدەوڵەتیش نابنە ئەو لەمپەرە گەورەیەی هەموو ڕێگەیەکت لێ ببڕن و هەموو دەرگەیەکت لێ داخەن بۆیە من زیاتر ئەوانە بەپاساو دەبینم... گۆڕینی یاساش ئەگەر بەبەرنامە و نەخشەسازی نەبێ بەڕای من لە قۆناغێکدا بەزەرەر دەکەوێتەوە ئەوە باسی زۆر پێ دەوێ گەلێک سەختە! تۆ لەنێو کۆمەڵگەیەک دەژی هۆشیاری یاسایی تێدا نییە هۆشیاری کۆمەڵایەتی زۆر کەم، تۆ سەد یاسای بەهێزت هەبێ بۆ چ دەبێ کە کاری پێ نەکرێ... ئەو پرۆسانە وەختێکی زۆریان پێ دەوێ هەتا دەکەونە سەر سکەی خۆیان و ڕێچکەی خۆیان دەبیننەوە من دەبێ هەبم ئەوجار بەرگری لە مافی خۆم بکەم!

ئافرەتان ناتوانن ببنە یاساناسێک یان یاسا دەربکەن ئەوە هەر پەیوەندی بەوانەوە هەیە کە باسمان کردن مەسەلە ئەوە نییە پیاوان بەتواناترن لە بۆیە بوونەتە یاسا دەرکەر و یاساناس... دەستوور و یاسا هەموو بەدەستی پیاوان نووسراوەتەوە دەبێ چی لەبۆ ئافرەت تێدابێ! بەڵام ئافرەت هەیە گەیشتۆتە پلەی دادوەر ئەوە نیشانەی بەتوانایی و ئازادبوونی ئافرەتە.

ئافرەت لە یەک چوارچێوەدا بیر دەکاتەوە... هەر لە هەمان سنووریشدا داوا دەکا... کار دەکا لەبۆ مرۆڤ باوەڕ زۆر گرنگە بەڵام لەبۆ ئافرەت دوو هێندە دەبێ باوەڕی بەخۆ هەبێت، هەتا ئەو باوەڕە لە ئافرەتدا دروست نەبێت هۆشیاریش دروست نابێ... نموونە هەیە ئەگەر لە ڕووی جلوبەرگ و سەر و قژ و ئارایشتت دەوێ هەزارەها ئافرەتی کورد بێنە کە جیاوازی نییە لەگەڵ ئافرەتێکی ئەوروپی بەڵام ئەگەر مەسەلەکە بێتە سەر هەڵوێست و فکر و ڕاهێنان دە دانەم لەبۆ بژمێرە... ئەتۆ با سەد ڕێکخراو و سەنتەرت هەبێ کە دروشمی مافی ئافرەت و ڕۆشەنبیری ئافرەت بێ ئەگەر هەتا ئێستێ ئەوانە هەر پاشکۆی حزب و حکوومەت بوون هەتا ئێستێ نەبووینە خاوەن ڕەخنەیەکی ئەقلانی و نەگەیشتبێتنە ئەو ئاستەی زەخت لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگا دروست بکەن...

مەسەلەی یاسا و دەوڵەت هەرگیز نابنە بەربەستێک لەبەردەم پێگەیشتنی ئافرەت بەڵام ئافرەت «کەلتوری خەبات» دەبێتە ئاستەنگی چونکە هەتا ئێستا ئافرەت لە هەر ئاستێکدا بێت هەر ئافرەتی خەباتکەرە خەبات بۆ چ خەبات لە چ... من لەو قۆناغەدا لە هەندێک ئافرەت زیاتر نابینم لێرە لەنێو کۆمەڵگەی خۆماندا ئافرەتێکی پێگەیشتوو بێت و بەو هۆشیارییەی کە پێویستە هەبێت هەنگاو بنێ قسە لەگەڵ چ ئافرەتێک بکەی داوای مان دەکا لە پیاوان...! کە تۆ پێگەیشتی هەموو مافێک دەبێتە هی خۆت. ئەوانەی ئێستا خراونەتە «پێناسەی ئازادی» بۆ ئافرەت ئەوانە ئازادی ئافرەت نین لە ئەورووپا ئافرەتان ئەو کردارە ئازادانە دەکەن... کار دەکەن یاسا لە بەرژەوەندییانە بەڵام ئایا لەوێش «ئافرەت ناچەوسێتەوە»! یان تەواو ئازادە... من دەبینم ئافرەتی ئێمە هەتا ئێستا بۆیەیەکە لە ئازادی لە دار و دیواری دەزگاکان و ڕێکخراوەکان هەڵسواوە تابلۆیەکە بەدیوارەکانی سیاسەتەوە.

دەکرێت ئەو هاوکێشەیە لە یاساکاندا هەمان هاوکێشە بێت، کە لە شیعردا ڕەنگ دەداتەوە... هاوکێشەی چێژ و جەستە ئایا ئافرەتێک کە هەم نووسەرە هەم یاساناس دەتوانێت ئەم هاوکێشەیە، کە هاوکێشەی ئافرەت، یاسا، شەریعەیە یەکلا بکاتەوە... کە بەئافرەتی یاساناس یەکلا نەکراوەتەوە...؟

کە دەڵێین یەکلا نەکراوەتەوە ئەوەیە ئێمە دەبینین ئافرەتی دادوەرمان هەیە لە هەمان کاتدا دوو ئافرەت بەشاهیدێکن... پێت وا نییە ناهاوسانییەکانی ئەو هاوکێشەیە لێرەوەیە؟...!